# پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤیی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا

**پ.ی.د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد/ زانکۆی سلێمانی**

**١) پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە (پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤیی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا)، دەرخستنی بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤە لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەو کردارانەدا کە لەگەڵ بەرکار، یان تەواوکەرە ڕاستەوخۆکانیان ڕێکەوتنیان لە کەس و ژمارەدا هەیەو ئەم ڕێکەوتنەی کردارو بەرکاریش، یەکێك لە حاڵەتە هەرە گرنگ و دیارەکانی دیاردەی ئێرگەتیڤە لەناو زمانەکانی جیهاندا.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئەو سێ حاڵەتەی لەم توێژینەوەیەدا باس دەکرێن پێشتر باس نەکراون و پێویست بوو کە ڕوون کردنەوەیان بۆ بکرێ و ڕەنگە گەڕانێکی ورد بەناو سیستەمی کارکردنی کردارەکانی زمانی کوردیدا، گەلێ حاڵەتی ترمان بۆ دەستنیشان بکات کە لەم توێژینەوەیەدا باس نەکراون.

سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی کرمانجیی ناوەڕاستدایە بەتایبەتی شێوەزاری سلێمانی و کەرەستەو نموونەکانیش لە زمانی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زارەکەوە وەرگیراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە کە پێشتر کار لەسەر حاڵەتی ئێرگەتیڤی بەرکاری بەگشتی و ئەم سێ حاڵەتەی توێژینەوەکەمان بەتایبەتی نەکراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی شیکاریی پەسنکەرانەیە، کە لەڕووی دەسەڵاتی کەرەستەکانی ناو ڕستەکانەوە سوود لە هەندێ لایەنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and binding) وەرگیراوە.

**٢) دۆخی ئێرگەتیڤ لە کرمانجیی ناوەڕاستدا:**

بەپێی یاساو ڕێساکانی بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤ لە زمانەکاندا ڕێکەوتنی کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەر یان کاراداو کرداری تێپەڕیش لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا بە نیشانەی ئێرگەتیڤی دادەنرێت، چونکە نیشانە ئێرگەتیڤییەکە بەوە دەناسرێتەوە کە کردار لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بەرکاری کرداری تێپەڕو بکەری کرداری تێنەپەڕدا، ڕێکەوتنی هەبێت.[١]

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ ڕوونی بکەینەوە بوونی دیاردەی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجییە لەنێوان بەرکارو دوو کرداری زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا کە ئەوانیش کرداری (بوون) و (مان)نن. ئەم دوو کردارەش لەم خەسڵەتانەی خوارەوەدا هاوبەشن:

یەکەم: هەردووکیان، بە تێپەڕی و تێنەپەڕی بەکاردێن.

دووەم: هەردووکیان، بەرکار/ تەواوکەرەکانیان جێناوی کەسیی لکاویان، بەپێی کەس و ژمارەیان

پێ دەبەخشن.

سێیەم: هەردووکیان ناوێزەن (شازن)، بەوپێیەی کە تێپەڕەکەیان هەمان جێناوی بکەری دەدەن بە بەرکار/ تەواوکەر، ئەگەر کرداری ڕستە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو.

چوارەم: لە هەردووکیاندا جێناوی بکەری کرداری تێنەپەڕو جێناوی بەرکاری کرداری تێپەڕیان لەهەمان دەستەن کە دەستەی ڕاستەوخۆ (م – ین)ە، بەڵام جێناوی بکەری کرداری تێپەڕیان لە دەستەی ((م – مان))ی ناڕاستەوخۆیە.

ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو چوار خاڵەی سەرەوە لە خستنەڕووی هەردوو کردارەکە (بوون، مان)دا ڕوون دەکەینەوە:

٣) <u>کرداری (بوون) و دیاردەی ئێرگەتیڤی بەرکاری:</u>

لەم نموونانەی خوارەوەدا حاڵەتی ئێرگەتیڤی کردارەکە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە:

| کرداری (هەبوون)ی هەیی تێنەپەڕ بۆ ڕابردوو To be | کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتی تێپەڕ بۆ ڕابردوو To have |
|---|---|
| ١.أ– من هەبووم. | ١.ب– تۆ هەر منت هەبووم. |
| ٢.أ– ئێمە هەبووین. | ٢.ب– تۆ هەر ئێمەت هەبووین. |
| ٣.أ– تۆ هەبوویت/ی. | ٣.ب– من هەر تۆم هەبوویت/ی. |
| ٤.أ– ئێوە هەبوون. | ٤.ب– من هەر ئێوەم هەبوون. |
| ٥.أ– ئەو هەبوو Ø. | ٥.ب– من هەر ئەوم هەبوو Ø. |
| ٦.أ– ئەوان هەبوون. | ٦.ب– من هەر ئەوانم هەبوون. |

لەو نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە جێناوی بکەریی کرداری هەبوونی تێنەپەڕو جێناوی بەرکاریی کرداری هەبوونی تێپەڕ هەردووکیان لە جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەستەی یەکەمی کرمانجیی ناوەڕاست (م – ین، ی/ یت – ن، Ø –ن)ە، کە بە دەستەی ڕاستەوخۆ دەناسرێت، لەهەمان ئەو ڕستانەدا (١ب – ٦ب) جێناوی کەسیی لکاوی بکەری کرداری هەبوونی تێپەڕ لە دەستەی دووەمە (م – مان، ت – تان، ی – یان) کە بە دەستەی ناڕاستەوخۆ/ تیان دەناسرێت.

لەسەر ئەو بۆچوونەی کە "زمانە ئێرگەتیڤەکان هەموو بە یەك سیستەم پابەند نین و هەر زمانێکیش بەشە تایبەتمەندییەکی لەم دیاردەیە وەرگرتووە"(٢)، کرمانجیی ناوەڕاست ڕێڕەوێکی جیاواز لە

کرمانجیی ژووروو دەگرێتەبەر، چونکە لە کرمانجیی ژوورووودا بۆئەوەی بەرکار جێناوی کەسیی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی خۆی بدات بە کردار، دەبێت کردارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ئەوکاتە بکەر مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، ئەگەر جێناوی کەسیی نەلکاویش بێت ئەوا لە دەستەی ناڕاستەوخۆیە کە دەستەی (من – مە، تە – وە، ئەوی/ ئەوێ – ئەوان)ە.

وەك: ٧- هەڤالی ئەز دیتم.

٨- دایکێ جل شوشتن.

لەو دوو ڕستەیەدا هەردوو بکەرەکە دۆخی ڕێزمانی (ی، ێ)ی وەرگرتووە کە دۆخی ئێرگەتیڤیشە، بەرکاریش (ئەز) بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوی لکاوی (م)ی بەخشیوە بە کردارەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کرمانجیی ژووروو لەناو زارو زمانەکاندا بەر گروپی ئێرگەتیڤی ناتەواو دەکەوێت.(٣)

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین (٩-١٤) و (١٥-٢٠) بۆمان دەردەکەوێ کە لە کرمانجیی ناوەڕاستداو لە کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتیدا ئەگەر کرداری ڕستە ڕانەبردووش بێت (ئێستا، داهاتوو) ئەوا بەرکار/ تەواوکەر بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوی لکاو دەدات بە کردارەکە. بەوپێیە بۆ ئێستاو داهاتووش جێناوی بکەری لە (هەبوونی) خاوەنێتیدا لە دەستەی (م–مان)ەو لەسەر بەرکار/ تەواوکەر دەبێت و جێناوی بەرکاریش لە دەستەی (م – ین) دەبێت:

| کرداری (هەبوون)ی هەیی تێنەپەڕ بۆ ئێستا | کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتی تێپەڕ بۆ ئێستا |
| --- | --- |
| ٩.أ- من هەم. | ٩.ب- تۆ منت هەم. |
| ١٠.أ- ئێمە هەین. | ١٠.ب- تۆ ئێمەت هەین. |
| ١١.أ- تۆ هەیت/ی. | ١١.ب- من تۆم هەیت/ی. |
| ١٢.أ- ئێوە هەن. | ١٢.ب- من ئێوەم هەن. |
| ١٣.أ- ئەو هەیە Ø. | ١٣.ب- من ئەوم هەیە Ø. |
| ١٤.أ- ئەوان هەن. | ١٤.ب- من ئەوانم هەن. |

بۆ کاتی داهاتووش نموونەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیان لێ دێت:

| کرداری (هەبوون)ی هەیی تێنەپەڕ بۆ داهاتوو | کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتی تێپەڕ بۆ داهاتوو |
|---|---|
| ١٥.أ- من دەبم. | ١٥.ب- تۆ منت دەبم. |
| ١٦.أ- ئێمە دەبین. | ١٦.ب- تۆ ئێمەت دەبین. |
| ١٧.أ- تۆ دەبیت/ی. | ١٧.ب- من تۆم دەبیت/ی. |
| ١٨.أ- ئێوە دەبن. | ١٨.ب- من ئێوەم دەبن. |
| ١٩.أ- ئەو دەبێت. | ١٩.ب- من ئەوم دەبێت. |
| ٢٠.أ- ئەوان دەبن. | ٢٠.ب- من ئەوانم دەبن. |

ڕەنگە ئەم کۆمەڵە نموونەیەی دوایی (١٥أ – ٢٠أ) و (١٥ب – ٢٠ب) لە سەیرکردنی یەکەمدا وا دەربکەون کە بەکارهێنانیان لە ئاخاوتنی زارەکەدا نەمابێت، بەڵام ئەگەر لە ڕستەی وەك ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا (بۆ نموونە) بەکاربهێنرێن لەبەرچاو ئاسایی دەبنەوە:

٢١- پشتیوانی ئەو        من دەبم./ تۆ دەبی/ ...

٢٢- ئەگەر هەموویان پشتت تێ بکەن، تۆ هەر منت دەبم.

بەم شێوەیە دەتوانرێت بۆ هەموو کەسەکان ئەم جۆرە ڕستانەی وەك (٢١، ٢٢) بگوترێن، یان دابڕێژرێن. ئەوەش گرنگە کە لە کۆتایی شیکردنەوەی (هەبوون)ی خاوەنێتیدا ڕوونی بکەینەوە کە محەمەدی مەحویی لە (بنەماکانی سینتاکسی کوردیی دا) دەڵێت: "کلیتیکی بکەریش لە تافی ڕابردوودا بە بەرکارەوەو کلیتیکی خاوەنداریش بە بناغەکەیەوە دەلکێن."[(٤)]

دوای ئەم زانیاری و بۆچوونە نووسەر هیچ نموونەیەکی نەخستۆتە ڕوو، بەتایبەتی بۆ دەرخستنی کلیتیکی خاوەندارێتی بە بەرکارەوە، بەڵکو باسکردنی بەجێ دەهێڵێ بۆ دەرفەتێکی تر.

٤) <u>کرداری (مان) و دیاردەی ئێرگەتیڤی بەرکاری:</u>

ئەم کردارەش بەهەمان شێوەی کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتی، بەرکار/ تەواوکەری کردار بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە دەستەی (م – ین، یت/ ی – ن، Ø – ن) دەبەخشێ بە کردارەکە، ئەم حاڵەتەش تەنیا بۆ کاتی ڕابردووی کردارەکە نییە بەڵکو بۆ ئێستاو داهاتووشە، بۆ

چۆنێتی کارکردنی کرداری (مان) بە تێپەڕی و تێنەپەڕی و حاڵەتی ئێرگەتیڤی بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

| کرداری (مان)ی تێنەپەڕ بۆ ڕابردوو | کرداری (مان)ی تێپەڕ بۆ ڕابردوو |
|---|---|
| ٢١.أ- من مابووم. | ٢١.ب- تۆ هەر منت مابووم. |
| ٢٢.أ- ئێمە مابووین. | ٢٢.ب- تۆ هەر ئێمەت مابووین. |
| ٢٣.أ- تۆ مابوویت/ی. | ٢٣.ب- من هەر تۆم مابوویت/ی. |
| ٢٤.أ- ئێوە مابوون. | ٢٤.ب- من هەر ئێوەم مابوون. |
| ٢٥.أ- ئەو مابوو Ø. | ٢٥.ب- من هەر ئەوم مابوو Ø. |
| ٢٦.أ- ئەوان مابوون. | ٢٦.ب- من هەر ئەوانم مابوون. |

لەو نموونانەی سەرەوەشدا بە ئاشکرا دۆخی ئێرگەتیڤی لە پەیوەندیی نێوان بکەری کرداری تێنەپەڕی (مان)و بەرکاری کرداری تێپەڕی (مان) کە جێناوە لکاوەکانیان (کلیتیکەکانیان) لە دەستەی (م- ین)ی ڕاستەوخۆیەو چوونەتە سەر کردارەکە دەردەکەوێ، تەنیا جیاوازیش لە هەمان حاڵەتدا لەگەڵ کرمانجی ژووروودا لەوەدایە کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا بکەریشی جێناوی لکاوی هەیە، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا وانییە، چونکە یەك دەستەی جێناوی کەسیی لکاوی هەیە بڕوانە ڕستەکانی (٢٧، ٢٨):

٢٧- من ئەو دیتن. (کرمانجیی ژووروو)

٢٨- من ئەوانم مابوون. (کرمانجیی ناوەڕاست)

بۆ کاتی ڕابردووی تەواو، کە دەتوانین لەڕووی واتاو بەکارهێنانەوە بە ئێستای دابنێین، بڕوانە ئەم نموونانە:

| كرداری (مان)ی تێنەپەڕ<br>بۆ ڕابردووی نزیك (ئێستا) | كرداری (مان)ی تێپەڕ<br>بۆ ڕابردووی نزیك (ئێستا) |
|---|---|
| ٢٩.أ- هەر من ماوم. | ٢٩.ب- تۆ هەر منت ماوم. |
| ٣٠.أ- هەر ئێمە ماوین. | ٣٠.ب- تۆ هەر ئێمەت ماوین. |
| ٣١.أ- هەر تۆ ماویت/ی. | ٣١.ب- من هەر تۆم ماویت/ی. |
| ٣٢.أ- هەر ئێوە ماون. | ٣٢.ب- من هەر ئێوەم ماون. |
| ٣٣.أ- هەر ئەو ماوە Ø. | ٣٣.ب- من هەر ئەوم ماوە Ø. |
| ٣٤.أ- هەر ئەوان ماون. | ٣٤.ب- من هەر ئەوانم ماون. |

نموونەی ڕستەش بۆ داهاتووی كرداری (مان) ئەمانەی خوارەوەن:

| كرداری (مان)ی تێنەپەڕ بۆ داهاتوو | كرداری (مان)ی تێپەڕ بۆ داهاتوو |
|---|---|
| ٣٥.أ- هەر من دەمێنم. | ٣٥.ب- تۆ هەر منت دەمێنم. |
| ٣٦.أ- هەر ئێمە دەمێنین. | ٣٦.ب- تۆ هەر ئێمەت دەمێنین. |
| ٣٧.أ- هەر تۆ دەمێنیت/ی. | ٣٧.ب- من هەر تۆم دەمێنیت/ی. |
| ٣٨.أ- هەر ئێوە دەمێنن. | ٣٨.ب- من هەر ئێوەم دەمێنن. |
| ٣٩.أ- هەر ئەو دەمێنێت. | ٣٩.ب- من هەر ئەوم دەمێنێت. |
| ٤٠.أ- هەر ئەوان دەمێنن. | ٤٠.ب- من هەر ئەوانم دەمێنن. |

لەو ڕستانەی سەرەوەدا بەپێی ئەوەی کە نیشانە کراون ڕێکەوتنی بکەری‌و بەرکاری ڕستەکان دەردەکەوێت.

لەدوای ڕوونکردنەوەی چۆنێتی کارکردنی کرداری (هەبوون و مان) بە تێنەپەڕی‌و تێپەڕی پێویستە ئەم بۆچوون و زانیارییانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

یەکەم: وەك دەردەکەوێ لە زمانی کوردیداو بەتایبەتی لە کرمانجی ناوەڕاستدا سیستەمی دۆخی ئێرگەتیڤ هەیەو بۆ هەردوو تافی ڕابردوو، ڕانەبردوو هەمان داڕشتن‌و پیڕەوەو ڕێکەوتنە لەنێوان بکەرو بەرکار لەلایەك‌و بەرکارو کردار لەلایەکی ترەوە لە کات‌و تافە جیاوازەکاندا نەك تەنیا هەر بۆ ڕابردوو بێت‌و لە ڕانەبردوودا دۆخی ئێرگەتیڤی نەمێنێت[٥].

دووەم: ئەم دەرکەوتنی یان مانەوەی دۆخی ئێرگەتیڤی بەرکارییە لەگەڵ کرداری ڕابردوو/ ڕانەبردوودا لەم زارەدا، (کرمانجی ناوەڕاست)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو کردارە (هەبوون و مان) لەڕووی گەردان کردنەوە ناوێزەن‌و بەپێی دەستوورو یاسای کردارەکانی تری زمانی کوردی بەڕێوە ناڕۆن، چونکە بۆ ڕابردوو ڕانەبردوو، بۆ بکەرو بەرکار هەمان دوو دەستە جێناوی لکاو/ کلیتیکی بکەری یان بەرکاری بەکاردێت.

سێیەم: لەبەرئەوەی دۆخی بکەری کرداری تێنەپەڕی (هەبوون، مان) لەگەڵ دۆخی بەرکاری کرداری تێپەڕدا هەمان دۆخن، چونکە هەمان جێناوی لکاو/ کلیتیك دەبەخشن بە کردار، سیستەمی دۆخەکە پێی دەگوترێ (ئێرگەتیڤ– ئەبسولەتیڤ Ergative- Absulative).

پێویستە ئەوەش بڵێین بکەری ڕستە لەم زارەدا کردارەکەی هەر کات و تافێك بێت هەڵگری نیشانەی مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی، کە بە دۆخی ئێرگەتیڤی دادەنرێت، نییە، بەلای هەندێ توێژەرەوە ئەم جۆرەی هەڵکەوتی دۆخی ئێرگەتیڤ پێی دەگوترێ ئێرگەتیڤی قڵیشاو[٦] (Split ergativity).

٥) <u>حاڵەتی ڕستەی سەرسوڕمان و هێنانە پێشەوەی بەرکار:</u>

سێیەم حاڵەتی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤی بەرکاری لەم جۆرە ڕستانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

٤١– ئای لەو خەونانەی من دیمن.

٤٢– ئای لەو نامانەی تۆ نووسیتن.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوە (٤١، ٤٢) دا هەندێ حاڵەتی جیاواز لەڕستەی تری زمانی کوردی دەبینین لەوانە:

یەکەم: ڕستەکە لەڕووی واتاوە ڕستەی سەرسووڕمانە.

دووەم: بەرکار هاتۆتە پێش بکەرەوەو لەشێوەی فرێزێکی ناوی فراوانکراو بەجێناوی

نیشانە دەرکەوتووە (ئەو خەونانە، ئەو نامانە).

سێیەم: جێناوێکی لکاو بەپێی کەس و ژمارەی بەرکار (ئەو خەونانە، ئەو نامانە) چۆتە سەر کرداری ڕستە (دیم، نووسیت).

چوارەم: ئەم حاڵەتە جیاوازە لە هەڵواسین واتە (Topicalization) کە تیایدا کەرەسەیەك (بۆ نموونە) بەرکار دەهێنرێتە پێشەوەو لەگەڵ کردارەکەدا بە جێناوێکی لکاو دەنوێنرێت.

ڕستەی (٤١، ٤٢) بەتەواوی ئەو بۆچوونەی وریا عومەر ئەمینی بەسەردا جێ بەجێ دەبێت کە دەڵێت: "بەرکار لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت فرمانیش ڕاناوێکی لکاو سەر بەهەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەم دیاردەیە لەزانستی زمانا بە ئێرگەتیڤ ناودەبرێت."[٧]

بەپێی ئەو بۆچوونە ئەم حاڵەتەی ڕستەی (٤١، ٤٢) دەچێتە ناو خانەی ئێرگەتیڤەوە لەو حاڵەتانەی پێشەوە دەردەکەوێ کە کرمانجیی ناوەڕاست نیمچە ئێرگەتیڤە چونکە لەهەموو حاڵەتێکا بەرکارو کردار لە کەس و ژمارەدا ڕێك ناکەون.[٨]

ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- زاری کرمانجیی ناوەڕاست زارێکی نیمچە ئێرگەتیڤییە.

٢- جۆری ئێرگەتیڤییەکە ئێرگەتیڤ- ئەبسولەتیڤییە چونکە بکەری تێنەپەڕو بەرکاری کرداری ڕابردووی تێپەڕ لەوەدا لەیەك دەچن کە هەردووکیان هەمان جێناوی لکاو دەدەن بە کردار کە جێناوی لکاوی دۆخی ڕاستەوخۆیە، بەڵام جێناوی لکاوی بکەری کرداری ڕابردووی تێپەڕ لە دۆخی ناڕاستەوخۆدایە.

٣- کرداری (هەبوون)و (مان)، جیا لە کردارەکانی تری زارەکە، بە تێنەپەڕو تێپەڕ، لە ناو ڕستەی ئاخاوتنی زارەکەدا دەردەکەون و لە کاتی ڕابردوو ڕانەبردوویاندا بەرکاری تێپەڕەکانیان لە دۆخی ئێرگەتیڤیدا دەبن و جێناوی لکاو دەدەن بە کردارەکانیان.

٤- هەموو کردارێکی تێپەڕ ئەگەر بەرکارەکەی لە شێوەی فرێزێکی دەرخەرو دەرخراویدا، کە دەرخەرەکە جێناوی نیشانەبێت و لە ڕستەی سەرسووڕماندا هاتبێت، ئەوە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوی لکاو دەبەخشێت بەکردارو دەبێتە دۆخی ئێرگەتیڤ.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕوانە Robyn C. Friend, 1985:3

٢- مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا: ٦٨

٣- هەر ئەو سەرچاوەیە: ٦٨– ٦٩

٤- بڕوانە: محەمەدی مەحویی، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی: ٣

٥- بۆ ئەو بۆچوونەی کە دۆخی ئێرگەتیڤ لەکوردیدا تەنیا لە تافی/ کاتی ڕابردوودایەو لە ڕانەبردوودا نییە بڕوانە:

أ- مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا: ٧٨

ب- تارا موحسین قادر، زمانی کوردیو مینیماڵ پرۆگرام، ٩٢– ٩٣

٦- بڕوانە مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا: ٧٨–٧٩

٧- بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی: ٣٤

٨- بۆجیاکردنەوەی ئێرگەتیڤی تەواوو نیمچە ئێرگەتیڤ لە زمانەکاندا بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی: ٦٩ هەروەها بۆ جۆرەکانی ئێرگەتیڤ بڕوانە مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا: ٢٣– ٤٠

**سەرچاوەکان:**


١- تارا موحسین قادر، ٢٠١١، زمانی کوردیو مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

٢- مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، ٢٠٠٦، دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین.

٣- محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

٤- وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

5- Robyn C. Friend, Ergativity in Sulaimaniye Kurdish, Annual Meeting of Middle East studies Association, Ph. D. thesis, November 1985.
http: home. EarthLink- refriend / ESK. Htm

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث (بقايا نظام الاركاتيف في اللهجة الكرمانجية الوسطى) إثبات حقيقة لغوية غير مطروقة في اللهجة الكرمانجية الوسطى، وهي وجود عدة حالات اركاتيفية مرتبطة بأفعال وحالات نحوية مختلفة يتم التطرق اليها لأولٍ مرة، والتي كانت تُعرف بأنها غير اركاتيفية.

وتُجسَدُ هذه الحالة الاركاتيفية على شكل ضمائر شخصية متصلة حسب شخص وعدد (المفعول أو التكملة) للفعل المتعدي، أي وجود توافق بين (المفعول أو التكملة) من جهة والفعل من جهة أخرى من حيث الشخص والعدد على شكل ضمير متصل.

## Abstract

*This study entitled (Ergative Remmants in the Central Kurdish Dialect) deals with a linguistic fact that has not been studied in the Central Kurdish Dialect. It proves to show the existence of several Ergative cases related to the subjects touched upon for the first time. This phenomenon has been known as non-ergative; it is shown as ergative case on the basis of personal pronouns related to person and number (object or the compliment) linked to the transitive verb in one side and verb on the other side on the basis of person and number on the form of connected pronoun.*